www.kurdistannet.org
13:36 13-2-2006 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تۆ بڵێی کوردستان چەند هەزار وەک کاک ئارام ماف پەروەری تیا بێ!... ئەحمەد تازەدێیی

( (GARMYANI_2004 سوید

زۆرن ئەو کەسانەی خۆیان بە کارا و لێ هات دەزانن، لە بواره جۆر بە جۆرەکانی ژیان، وەك سیاسەت مەدار، زانا، هونەرمەند، ئەندازیار، نوسەر، شاعیر، ماف پەروەر، ..... هتد. بەرواری ١٢-٢-٢٠٠٦ بابەتێکی کاك) ئارام موحسین گەردی) (ماف پەروەر) م خوێندەوە، بە ناونیشانی،
(نووسین ژیانمە) لە سایتی کوردیستان نێتدا.
کاکی ماف پەروەر، نووسینی کردووە بە بەرنامەی ژیانی، و لە هەمان کاتدا ڕازی نابێ و پێی نەنگە، خەڵکی ڕەخنە لە نووسینەکانی بگرێت، هەرچەندە من لە نزیکەوە نە ئەو کەسانە دەناسم کە ڕەخنەیان لە برای ماف پەروەر گرتووە، نە ماف پەروەر خۆیشی، بەڵام ئەوەی هانی دام و سەرنجی منی ڕاکێشا، کە بە ووەڵام بێم و ویژدانم ئاسودە بکەم، ئەوە بووە کە کەسێك بە ناوی (ماف پەروەر)، بێ ڕێزی بە مرۆڤ، و ئاژەڵ و گیانداران بکات.

سەرەتا کاکی بەڕێز دەنوسێت (بیر لەوە ناکەمەوە کە ئەنجامی نووسینەکانم نەفامێك، یان ڕەش دڵێك توورە بکات، گرنگ ئەوەیە ویژدانی خۆم و خوێنەرانی بە ویژدان ئاسودە بکەم) بە بۆچوونی کاك ئارام، گرنگ ئەوە نییە چی دەنووسێت، گرنگ ئەوەیە ویژدانی خۆی و ویژدانی ئەو کەسانەی کە وەك خۆی بیردەکەنەوە، ئاسودەو ئارام کات، ئیتر ئەوانی تر کە پێچەوانەی بیرو بۆچون و هزری کاك ئارامن بە نەفام، ڕەش دڵ، پێ ناسە دەکات، وە هەروەها دەنوسێت (ئەوانەی بە نەقیزەی من جووتە دەهاون دیارە گیانلەبەرن لە پێستی مرۆڤ).
کاك ئارامی ماف پەروەر، لەم دێرەیاندا ئەو کەسانەی کە ڕەخنەیان لێ گرتووە، بە (گوێ درێژ)، (کەر)، (چوار پێ)، (حەیوان)، پێ ناسە دەکات و خۆشی بە مرۆڤێکی لێهات و کاراو هەڵە نەکردوو، بەڵام لە هەمان کاتدا (نەقیزە)، بەکار دێنێ و لەش و گیانی ئەو خەڵکەی کە کردوویە بە (گوێ درێژ) ی بەستەزمان بریندارو خوێناوی دەکات، لە پێناوی بە ئامانج گەیاندنی ئامانجەکانی.
لێرەدا دێمە سەر مەبەستی بابەتەکە، نەك بریندارکردنی کاکی ماف پەروەر. زۆرن ئەو کەسانەی لاف و گەزافی شۆرش گێڕی و ئازایەتی و خزمەت کردن و ماف پەروەری لێ دەدەن، وەکو ئەم برا بەناو ماف پەروەرە، ئەوەتا نەوەك تەنها مافی مرۆڤی پێشێل کردووە، نەقیزەش بەکار دێنێ بۆ گوێ درێژو جەستەیان خوێناوی دەکا.

وە دەمەوێ کۆتایی بە نووسینەکەم بێنم، هەر چەندە زۆری ماوە، بەڵام مەبەستی خۆم پێکاو خوێنەرانیش تێ دەگەن لە مەبەستم، و وە تۆ بڵێی کوردستانە داماوەکەشمان چەند هەزار وەکو کاکە ئارام بە ناو ماف پەروەری تیا بێ، لە بواره جۆر بە جۆرەکانی ژیان و، کەچی بە پەراکتیك و کردەوە هیچی لێ نازانن. !!!!!!!!!